# مەترسیی لایک

قادرعەلیخا
(بۆکان)

یەکێک لە تایبەتمەندییە گرینگەکانی بوارە جیاجیاکانی ئەدەب ئەوەیە، نووسەر، یان شاعیر بتوانێ هەنگاو بنێتە سەر ئەو هێڵەی کەسانی بەر لە ئەو کێشاویانەتەوە و بتوانێت بە هەوڵی خۆی سنوور ببەزێنێ و شەقڵیان بشکێنێ و چەند هەنگاوێک لەولاترەوە هێڵێکی دیکە بکێشێتەوە و واژووی خۆی بە نێو چاوانەوە بچەسپێنێت.

دیارە شکاندنی ئەو لەمپەرانە کارێکی هەروا ئاسان نییە. سنوور بەزێن و هێڵ شکێن هەمیشە کەسانێک بوون کە لە زۆر لایەنەوە، لە سەرەتاوە باجیان بۆ داوە و ئەگەر توانیبێتیان وریایانە و ژیرانە هەنگاو بگوێزنەوە و تووشی خلیسکان و گلان نەبووبن، ئەوە لە پاشەڕۆژدا لە زۆر لایەنەوە قەرەبووی ئەو باجەی لە سەرەتاوە دەیدەن، دەدرێتەوە و بەروبوومی زیاتری لێ هەڵدەگرێتەوە.

ئەوەندەی هەنگاوی تازە و دیتنەوەی دەربیجەی نوێ کاریگەری ئەرێنی و باشی هەیە، سەد ئەوەندە لاسایی کردنەوە و شوێن پێ کەوتن زیانی هەیە، ئەو کەسانەی بۆ ئەوەی ئارەقە نەکەوێتە نێو چاوانیان و تووشی سەغڵەتی ماندوو بوون نەبن و بۆ بە ئاسوودەیی بە مەنزڵ گەیشتن، دایمە بە شوێن ڕچەی شکاودا دەگەڕێن، لە ئاکامدا دوای هەوڵ و تەقەللایەکی زۆر کردەیان کۆناکرێ و مەستە خەسار دەمێننەوە. ئەوانە دوای نووسین و بڵاو کردنەوەی هەر دەقێک، ئەگەر زۆر باشیش داڕێژرابێ، ئەوە ناتوانن خۆیان لە ژێر هەژموونی دەقەکەی بەر لە خۆیان دەرباز کەن و سێبەری بیرۆکەکەی پێشوویان هەر بە سەرەوەیە و خوێنەر لە کاتی خوێندنەوەی دەقەکەی ئەواندا، گۆشە چاوێکی هەر لای دەقە سەرەتاییەکەیە و لە کۆتاییدا دەڵێ: «وەک بەرهەمەکەی فلانەکەس دەبێ» ، یان «زۆری ماوە بگاتە کارەکەی فیسارە کەس.»

یەکێک لە تایبەتمەندییە گرینگەکانی دەقێکی سەرکەوتوو ئەوەیە کە خوێنەر لە کاتی خوێندنەوەی بەرهەمەکەدا، ئەوەندە سەرسامی نووسراوەکەی بەردەستی بێ و بیر و زەینی وەها لە لایەن دەقەکەوە داگیر کرابێ،

به هیچ کلۆجێک بیری بۆ لای هیچ دەقێکی دیکە نەچێ و لە پێوانەی زەینی خۆیدا، لە بەرانبەر هیچ نووسراوەیەکدا داینەنێ و وەک دەقێکی سەربەخۆ چاوی لێ بکات و چێژی لێ وەربگرێت.

سەرەتا و سەرهەڵدانی هەر ئامراز و کەرەستەیەکی نوێ، لەگەڵ خۆیدا هەندێک هەل و دەرفەت دێنێ و لە پەنای ئەویشدا کێشە و تەنگژەیەک ساز دەکات تا بە جوانی لە نێو خەڵکدا جێ دەکەوێ و خەڵکەکە لەگەڵی ڕادێن، ئەگەر بۆ کورت خایەنیش بێ، هەندێک زیان و زەرەری بە نێو چاوانەوەیە. زۆر جار بەر لە ئاگاداری و زانیاری خەڵک، ئەو کەرەسانە بۆ سوودی ماددی ئاژینی نێو کۆمەڵگا دەگرین و بە هیچ شێوەیەک خەڵکەکەی بۆ ئامادە نەکراوە و لە بەر ناشارەزایی خەڵکەکە، لە ئاکامدا قازانج سەری مایە دەخوات.

دوای هەمەگیر بوونی بواری ئینتەرنێت و چوونە گیرفانی هەموو کەسێکەوە، ئەم ئامرازە نوێیە لە بواری ئەدەبیشدا ڕەنگی دایەوە و چیرۆک و شیعر و بەرهەمەکانی دیکەی ئەدەبیشی تەنییەوە و بە هەزاران ماڵی ئەدەبی و کۆڕ و ژووری جۆراوجۆری لێ ساز کراوە و هەر کەسە و لە لای خۆیەوە بوو بە خاوەنی کەناڵی تایبەتی خۆی و جامخانەیەکی بۆ نواندن و بڵاوکردنەوەی بەرهەمەکانی خۆی لێ دامەزراند. ئەوەی کە خوێنەر بتوانێ بەئاسانی دەستی بە نووسراوەی نووسەرەکان ڕابگات و بیانخوێنێتەوە، دەرفەتێکی باشە و ئەگەر بەجێ کەڵکی لێ وەربگیرێ، هەم بۆ خوێنەر و هەم بۆ نووسەر سوودی باشی دەبێ، بەڵام ئەگەر بە پێچەوانەوە بێ، ئەوە بۆ هەر دوو لایان زیانی دەبێ، بە تایبەت بۆ ئەو کەسانەی تازە دەست دەدەنە قەڵەم و بە تاریف کردن و پێدا هەڵکوتنی و لایکی بێ جێ تووشی لاڕێیی و هەڵدێریان دەکات و لە ئاییندەدا هیچیان لێ شین نابێ.

دوای هاتنە ئارای تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان و ئاواڵە بوونی دەستی ئەو کەسانەی دەستیان دەگاتە قەڵەم و توانایی نووسین لە خۆیاندا شک دەبەن، چونکە هیچ پێوانە و سەنگی مەحەکێک بۆ بڵاوکردنەوەی بەرهەمە ئەدەبییەکان نییە، هەر کەسەو لە ماڵی خۆیەوە دوای نووسینی هەر بەرهەمێک زۆر بە ئاسانی لەسەر کەناڵ و تۆڕە کۆمەڵایەتییەکاندا بڵاوی دەکاتەوە. ئەوە لە حاڵێکدایە زۆربەی ئەو دەقانەی کە لە هەر بوارێکدا دەنووسرێن، ئەگەر بچنە بەر دەستی لێژنەیەکی پسپۆڕ، هەرگیز ڕووی ڕووناکی بە خۆیانەوە نابینن و لە هیچ گۆڤارێکدا بڵاو ناکرێنەوە.

لە ساڵانی بەرێدا هەر شیعرێک، چیرۆکێک، یان دەقێکی ئەدەبی هەتا لە گۆڤارێکی وەک «سروە»، یان «ئاوێنە»، یان هەر گۆڤارێکی تردا بڵاو دەکرایەوە، قیل سپی دەبوو، شەیتان دەیگوت چەق، بەڵام ئێستا کرتە لەسەر هەر ماڵێکی ئەدەبی دەکەی، دەیان نووسراوەت بەرەو پیر دێن کە زۆربەیان ئەوەندە کرچوکاڵن، خۆیان لە هیچ پاژێکی ئەدەبیدا نابیننەوە و خوێنەر نازانێ چی دەخوێنێتەوە، کە لە لایەن زۆر کەسیشەوە بە خەتی خۆش دەنووسرێنەوە و دیکلەمە دەکرێن و لایکیان وەک بارانی پەڵە بەسەر دا دەبارێ.

یەکێک لە گرینگترین خەسارەکانی ئەم نەزمەی نووسینە ئەوەیە کە ئەو کەسە کاتێک ئەوهەموو لایک و چەپکەگوڵ و دەست خۆشییە، لەبن نووسراوەکەی خۆیدا دەبینێ و چاو لێ دەکات، ئەوە کەسێک دیکلەمەی کردووەو کەسێک بە هەزار کەشم و نەشم هێڵکاری بۆ کردووە و بە خەتێکی زۆرخۆش نووسیویەتییەوە، خۆی لە دوندی ئەدەبدا دەبینێ و ئیدی دەچێتە سەر دارێکی بەرز و نایەتە خوارێ و گوێ لە ڕەخنەگران و دڵسۆزان ڕاناگرێ و بە تەشی زمان لووسان دەیڕێسێ و خۆی و ڕێگاکەی لێ ون دەبێ و لە ئاکامدا تووشی هەڵدێر دەبێ.

ئێستا زۆرجار دەبینین کەسانێک هەن تەمەنی شیعر نووسینیان ناگاتە دوو سێ ساڵ و هەتا ئێستاش ڕستەیەکیان لە هیچ گۆڤارێکی ناسراودا بڵاو نەکراوەتەوە کە خاوەنی لێژنەیەکی ئەدەبییە، ئەوە بۆتە خاوەن دیوان و چەند کتێبی بڵاوکراوەی هەیە و خۆی بە هاوشانی مەستوورەی ئەردەڵان و نالی دەزانێ. ئەوە لە حاڵێکدایە ئەگەر بە چاوی ڕەخنەوە چاو لە بەرهەمەکەی بکرێ، بەشی پارووەیەکی هەژارانەی شیعری لێ دەست ناکەوێت و تەنیا و تەنیا هەر لاپەڕە ڕەشکردنەوە و قاقەز خەسارکردنە و هیچی تر. بە دڵنیاییەوە ئەگەر لە لایەن دڵسۆزان و ئاشقانی ڕاستینەی ئەدەبەوە هەوڵ نەدرێت تا ئەم دەرگا لە گرێژنە چووە بخرێتەوە سەر جێگەی خۆی، ئەوە لە داهاتوودا دووکەڵەکەی دەچێتە چاوی ئەدەب و ئەدەبدۆستانی کوردەوە و خۆمان و زمانەکەمان تووشی خەسارێکی زۆرگەورە دێین، چونکە لە نێو ئەو تازە قەڵەمانەدا زۆرن ئەو کەسانەی ئەگەر بە جوانی ڕێنوێنی بکرێن و بخرێنە سەر ڕاستە ڕێگای ئەدەب، خاوەن بەهرەی زۆر باشیان تێدایە و دەکرێ ببنە کۆڵەکە و کاریتە بۆ زمانەکەمان و لە ئاییندەدا هەم خۆمان، هەم زمانەکەمان شانازیان پێوە بکەین و بەهرەی باشیان لێ وەربگرین.

ئێستا لاسایی کردنەوە و کۆپیکردن ئەوەندە پەرەی سەندووە، هەر کاتێک نووسراوەیەکی جوان لەلایەن نووسەرێکی باشەوە دەنووسرێ و بڵاو دەکرێتەوە، دوای ماوەیەکی کەم، ئەوەندەی لە ڕوو دەگیرێتەوە، نووسەری

سەرەتا کارەکەی خۆی بە جوانی بۆ ناناسرێتەوە و ئەگەر بە کەسێک لەو کەسانەش دەڵێی، ئەو بەرهەمەی جەنابتان لە ڕووی کارەکەی فڵانە کەسەوە هەڵگیراوەتەوە، دەیان حیلە شەرعیت بۆ دێنێتەوە کە بە تەواوی سەرت دەشێوێ و لە کوتنەکەی خۆت پەژیوان دەبیتەوە.

ئەوەی لەم تۆڕە کۆمەڵایەتیانەدا بە شیعر دەکرێ، با بەدەواری شڕی نەکردووە. ئەوانە لە بیری کاڵی خۆیاندا دیواری شیعریان ئەوەندە نزم کردۆتەوە هەر کەسەو بە ئاسانی هەنگاوی لێ هەڵدێنێتەوەو دەچێتە ئەو دیوی دیوارەکەو دەڵێ: «سڵاو، ئێوم بنووسن، منیش شاعیرم.»

بە دڵنیاییەوە ئەگەر ئەم گرفتە بەردەوام بێ و کەسانێکی دڵسۆز و خەمخۆر هەوڵی بۆباشکردنی نەدەن، ئەو بەڵایە بەسەر ئەدەبی کوردی - بەتایبەت لە بواری شیعردا دێن کە لە یەک دوو دەیەی ڕابوردوودا کەسانێکی بە نێوی نوێترخواز بەسەر شیعری کوردییان هێنا و بە تەواوی خوێنەری تامەزرۆی شیعریان تاراند و ئاداریان بەسەر پاداریانەوە نەهێشت.

هەر لە نێو ئەم شاعیرە ئینتەرنێتییانەدا هەندێک کەسیشیان بۆ ئەوەی بە هەر شێوەیەک بێ، سەرنجی خوێنەر بۆ لای شیعرەکانیان ڕاکێشن، وەک کلیپی هەندێک گۆرانی نەوێژی نێو کەناڵەکانی ئاسمانی، دیمەنی چەند ئافرەتێک دەکەنە تەپکەو بۆ زیادکردنی لایک و چەپکە گوڵ خوێنەری پێ لەداو دەخەن.

لە نێو دنیای شیعری ئەمانەشدا کەمترین لایەنی هونەری شیعری - ئەگەر بکرێ نێوی شیعریان لێ بنێی!- نابینرێ. تەمسیل، خوازە، ئاشنایی سڕینەوە، چواندن و وێنە و جوانییەکانی دیکەی شیعریان بە مسقاڵ تێدا نییە و بە تەواوی ئەو شیعرانە بە ئەندازەی ئەم شیعرەی لوقمان پیربادینیان کەڵک لە کەرەستە دەسمایە هونەرییەکانی شیعر وەرنەگرتووە.

**هێڵی سنوور**
**سێبەری فێنکی بەیانی باخم**
**باری لێوی قەڵەشیوی شاخم**
**کوچکە ئاورێکی بەجێماوی چیام**
**تاحەشر دێتەوە گەرم و داخم**
**گوڵەگەنمێکی بەباران تینووم**
**بۆ شەپۆل و گڤەبایە ئاخم**
**جامەدانەی قەدی کێلی گۆڕم**
**پەپری ئەشق و ئەوینە،ناخم**
**کەڵەکێوێکی بەزۆر کۆچ کردووم**
**سووچی ئەشکەوتە تەلار و کاخم**
**چاوی کلڕێژی کچی ئاواییم**
**چاوەڕێی دەنگی خڕەی چەخماخم**
**ئەم سنوورە کە بەهێڵێ بەندە**
**نارەوێ بێیتەوە داخی داخم**

ئێستا زۆر شاعیرمان هەیە ژمارەی ئەو شیعرانەی تا ئێستا لە تۆڕە جۆراوجۆرەکاندا بڵاوی کردوونەتەوە، زۆر زیاترە لەو شیعرانەی خوێندوونییەتەوە و هەر ئەوەشە دەبینن بەرهەمەکانیان زۆر بێ ناوەرۆک و نا هونەرین و داهێنان و نوێکاری لە کارەکانیاندا بە دەگمەن دەبینرێت، چونکە شاعیر، یان نووسەر، دەبێ زۆر زۆر خۆی بە خوێندنەوەوە سەرقاڵ کات و بۆ بووژاندنەوە و زەنگین کردنی بەرهەمەکانی، دایە سەری لەسەر کتێباندا بێ و زۆر کەمتر لەوانەی دەیانخوێنێتەوە، دەست بۆ قەڵەم بەرێ و بنووسێت، دەبێ لە خوێندنەوە ماندوو نەبن و بەردەوام شانەی ئەزموون هەڵبەستن. زۆر غەزەل دەبینرێن لە هەموو لایەکەوە وێرانن. نە کێشیان تەواوە، نە سەروایان یەک دەگرێتەوە، نە زمانێکی پتەویان هەیە، بەڵام دەیان لایک و چەپکە گوڵیان بۆ ڕیز کراوە! کەس نەبووە تەنانەت یەک هەڵەی تایپی نێو ئەو شیعرە ببینێ و لە بن نووسراوەکەدا بینووسێ و نووسەرەکەی لێ ئاگادار کاتەوە، بەڵام زۆر نا بەرپرسانە چەپکەگوڵی لە پێشدا ڕیز کردووە.

ئەگەر چاوێکی وردبینانە بەو بابەتانەدا بخشێنرێ و لە تەرازووی ڕەخنەیان بدەی، دەبینی کەمیان لە ئەزموون و تاقیکاری دەردەچن و بایی ئەو لایک و پێدا هەڵکوتنانانە دەبن! دیارە زۆر کەسی هەڵپەرستیش هەن کە بۆ بواری دەروونی خۆیان لەو ئاوە لێڵە خەریکی ماسی گرتنن و تەنیا شتێک کە بە لایانەوە گرینگ نەبێ، مانای ئەدەب و زمانە.

ئەو کەسانەی لەم سەردەمەدا وەک بەرەی نوێ، دەیانەوێ پێ بنێنە ئەم بوارەوە، دەبێ زۆر بە وریاییەوە چاویان لە بەر پێی خۆیان بێ و خۆیان لەمەترسی لایک بپارێزن و نەبنە کۆیلەی چەپکە گوڵ و لایک و پێداهەڵکوتنی نابەجێ و نەهێڵن ئەو کەسانە تووشی سابوون لە بن پێدان و هەڵدێران و هەڵەیان بکەن، نەکا خوای نەخواستە بڕکە مردوو بن و بۆخۆیان و بۆ گەلەکەیان سوودیان نەبێ.

بە جێی ئەسیر بوون و تیوەگلان لە داوەتەنەی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکاندا، بچنە بەر سێبەری کتێبە بە نرخ و پڕ نێوەرۆکەکان و بە خوێندنەوە و لێ وردبوونەوە لە ئەزموونی مرۆڤە مەزنەکان، ئەزموونی خۆیان بەرنە سەرێ و گیرۆدەی لایکی بێ نێوەرۆک و چەپڵەی زمان لووسان نەبن.